## تۆبەکارم

## جۆشی کورەی بۆچیە!؟★

کامیل ژیر

نازەنینم: چاوەڕوانیی، تاکوکەی! ئەم ڕێگە دورەی بۆچیە؟
راوی بازی دەستەمۆبو، ئەم پەرێز و ژێر و ژورەی بۆچیە؟
ئێوە چاك و ئێوە پاك و ئێوە تاکن، ێنەرێکی شایەتم
ئەم پەنا بۆ میری سورو وەیس و پیری شارەزورەی بۆچیە؟
وەك گەدایەك رابەری کاری مەترس و نابەکات و کایەتم
دەی کەوابێ، بێ بەڵابی، ئەم تەکان و چاوی سورەی بۆچیە؟
رەنجەڕۆ بم، یا خەڕۆ بم، هەر بەهیوای چاوی سۆزی ئایەتم
خاکی ڕێتم، ئەم لەڕێ لادان و ڕێگا نازەرورەی بۆچیە؟
سەروەرم: ڕێگەوبوارێ، تابزینی من بەرو سەرمایەتم
با ئەوانەی ڕێگرێکن، دانیشن، ئەم لورەلورەی بۆچیە؟
من کە دەروێشی تەکێتم بەو بەهایەت بەرزەباڵاو پایەتم
تۆ کە باڵا ئەزمرێکی، ئەم بنارو چونە ژورەی بۆچیە؟
سا بەرێزم: چاوەڕوانی چاوی رێز و سێبەرێکی سایەتم
دڵ کە ئاوێنەی دڵت بێ، ئەم گوشاری بێ سنورەی بۆچیە؟
بەو نیگایەت بومەگڕکان، جێگە سۆزی شیوەن و لالایەتم
من کە ئاگر بم ئیتر ئەم مەنجەنیقی دارو مورەی بۆچیە؟
گەر بهزەبری دەستی ئەملات،جەزرەبەتدام، ملکەچی ئەولایەتم
بۆ دەمێکت، گڕ کەوا بەربۆتە گیانم، ئەم تەنورەی بۆچیە؟
خەڵوەتی تۆ، بۆ نزابێ، بێ گوناهم، چاوی سود و مایەتم
گەر بەهانەت بۆ تەمێ بێ، تۆ بەکارم جۆشی کورەی بۆچیە؟

---

1994 وتراوە، 2016 هەندێ دەسکاریمکرد-ژێر